# تەڵاقی دایە دەستی ژنەکەی کە خۆی تەڵاق بدات ئەگەر هاتوو سەفەری نەکرد لەگەڵیدا

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ موحەممەد ساڵح المنجد

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1436

IslamHouse.com

# فوضها زوجها في طلاق نفسها منه إن لم تسافر معه

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# تەڵاقی دایە دەستی ژنەکەی کە خۆی تەڵاق بدات ئەگەر هاتوو سەفەری نەکرد لەگەڵیدا

ئـەم پـرسـیـــارە ئـاڕاسـتــەی مـاڵـپـەڕی ئـیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : من ئـافرەتێکم لـە بولـغاریا دەژیـم ودوو گیـانـم وسکـەکـەم هـەشت مانگـە، وماوەی نۆ مـانگـە پـیاوەکـەم بـەجێـی هێشتـووم وڕۆیشتـووە بۆ سوریا، منداڵێکـی سێ ساڵـیشم هـەیـە، کـاتێك کـە سـەفـەری کرد داوای لێکـردم کـە لـەگـەڵـیدا بڕۆم، بـەڵام مـن ڕازی نـەبووم لـەگـەڵیدا بڕۆم، چونکـە شـەڕ وشۆڕە، ئـەویش تـوڕە بوو لـێم ووتـی : ئـەگـەر سـەفـەر نـەکـەیت لـەگـەڵمدا ئـەوە مۆڵـەتـی تـەڵاقدانـی خۆتت پـێ دەدەم، هـەروەها ووتـیشی من لـەوێ ژنـم دەهێـنمـەوە، ئـایا من ئێستا چی بکـەم، چونکـە لـەو وەزعـە زۆر بـێ تاقـەتم، ئـایا من تـا ئـێستاش بـە ژنـی پـیاوەکـەم دادەنرێم، ئـایا دەکرێت من خۆم

تەڵاق بدەم بەبێ ئەوەیشی گوناهبار ببم، چونکە ئیتر ئەوە هەرگیز ناگەڕێتەوە ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

پیاو دروستە تەڵاق بداتە دەست ژنەکەی خۆی، جا کاتێك پیاو تەڵاقی دایە دەست ژنەکەی خۆی، ئەوا ئەو ژنە دروستە خۆی لەپیاوەکەی تەڵاق بدات، ئەگەر هاتوو ئەو پیاوەکەی پیەشیمان نەبووبویەوە لەو وەکالەتەی کە داویەتی دەست ژنەکەی، جا کاتێك پیاوکەت پێی ووتیت : ئەگەر بێتو نەیەیت لەگەڵمدا ئەوا مۆڵەت بێت لەوەی خۆت تەڵاق بدەیت، ئەوە دروستە خۆت لە پیاوەکەت تەڵاق بدەیت، بەڵام بەو مەرجەی پیاوەکەت پەشیمان نەوبێتەوە لەو دانەدەست و وەکالەتەی کە کردویتی بۆ تەڵاق دانی خۆت، ئەوەش بزانە تا ئێستاش تۆ ژنی شەرعی پیاوەکەتی،

مادام بە صەراحەت وبێ هیچ پێچ وپەنایەك تەڵاقی نەدابیت، تۆیش وەك ووتم دەتوانیت خۆت لە پیاوەکەت تەڵاق بدەیت، و خۆت سەرپشکیت و تەماشا بکە و بزانە ئەگەر زانیت سەفەر کردنت لەگەڵ پیاوەکەتدا دەبێتە هۆی تیاچوون و مردنت، و تۆیش بێ ئومێد بوویت لەگەڕانەوەی بۆلات جارێکی تر، یان بترسیت ئەگەر هاتوو لەگەڵیدا سەفەرت کرد بۆ ئەو وولاتە لەوێش تەڵاقت دەدات وسەرگەردان دەبیت، ئەوە دەتوانیت خۆت تەڵاق بدەیت لێی وپاشان عیدەی تەڵاق دراو بەسەر بەریت و تەواوی بکەیت، وپاشان ئەگەر وویستت دەتوانیت شوو بکەیتەوە بە کەسێکی تر .

بەڵام ئەگەر هاتوو زانیت کە دەتوانیت بگەیتەوە بە پیاوەکەت وسەفەر بکەیت بۆلای، وهیچ مەترسیەکیش نییە لەسەفەر کردنت بۆلای ئەو، ئەوە دەتوانیت سەفەر بکەیت بۆلای، بەڵام ئەمەش نابێت ببێت دوای ئەوە نەبێت یەکەم کە هەواڵ بدەیت بە پیاوەکەت، پاشان پێیشی ڕابگەیەنیت کە سەفەر دەکەیت بۆلای،

چونکە پێدەچێت (فعلا) تەڵاقی دابیت، یان ڕازی نەبێت سەفەر بکەیت بۆلای، خۆ ئەگەر وویستت ئارام بگریت، ئەوە خۆت تەڵاق مەدە لە پیاوەکەت، بەڵکو ئەمە خوای گەورەیە کە پەروەردگار دەرووی خێرت لێ بکاتەوە، وپیاوەکەت بگەڕێنێتەوە بۆلات وببینیت کە ڕازی پێی کە لەگەڵیدا بمێنیتەوە، ئەوە دەتوانیت ئەمەش بکەیت، خۆ ئەگەر خۆیشت تەڵاق دا لە پیاوەکەت ئەوە هیچ گوناهبار نابیت ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ...